سەید حەکیم پێشوازی لەسەرۆك وەزیران دەکات و گرنگی گەینی سەقامگیری لاواز بە سەقامگیری بەردەوام دووپات دەکاتەوە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە دەوڵەتی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیران کرد لەم دیدارە هەردوو لا بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرد لەگەڵ تاوتوێکدنی شایستە داهاتووەکان، لەگەڵ ئەنجامەکانی سەردانی سەرۆکی وەزیران بە بڕکسلی پایتەختی بەلجیکا لەگەڵ سەردانی ئەم دواییەی سەماحەتی حەکیم بە کەماری ئیسلامی ئێران.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە پارێزگاری لە دەستکەوتەکان بکرێت کە لەم قۆناغە بەدەستهاتوون، جەختیشی کردەوە کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پێویستە هەڵك بێت بە ئەوەی ئەو دەستکەوتانە پتەوتر بکات، هەروەها
گەینی دۆخەکە لە سەقامگیرییەکی لاواز بە سەقامگیرییەکی بەردەوام کە خزمەتی خواستەکانی گەلی عیراقی دەکات.
سەماحەتی سەید حەکیم داوای کرد بەشێوەیەکی فراوان و کاریگەر و هەشیارانە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکرێت و کە کابەری لەسەر بنەمای پرۆگرام و دیدەکان بێتە نەك لەسەر بنەمای ململانێی سیاسی و گوتاری تایفی ئەوەش متمانە بە پرۆسەی دیموکراتی زیاد دەکات.
سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە پێوستە کرانەوەی عێراق بەدەوروبەری و جیهان گرنگە، ئاماژەشی کرد کە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دەسەیانەی جێی بایەخی هاوبەشن بەشێوەیەك کە بەرژەوندی عێراق دەپارێزێت بە ئەوەی لەهیچ ململانێیەك تێوە بگلێت کە خزمەتی سەقامگیری نەدەکرد.
لەووی ئابووری سەماحەتی جەختی کرد لەسەر گرنگی فرەکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی، داواشی کرد کە ولات لە کاریگەری یەك داهات و بەرزو نەزمی نرخەکانی نەوت پارێزراو بێت، لەگەڵ جووڵە پێکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی دیکە وەك پیشەسازی و کشتوکال و گەشتیاری و وەبەرهێنان بەشێوەیەك کە گەشەپێدان بە ولات زامن بکات.